# دابەشبوون

چۆمان هەردی

گوناهبارم بە دابەشبوون

چرپەی خاکی شەونماوی پڕمەراقە

گوناهبارم بە خوێندنەوەی ناوچەوانی درەختەکان

ئاشتبوونەوە چەند مەحاڵە لەم شەوە بێ سرتەیەدا

خۆشکردنی دڵی گوڵە تەمەن کورت و وردیلەکان چەند

مەحاڵە

گوناهبارم بە ڕاوەستان لەبەر دەرگا گەورەکانا...

ئێوارەیەکی مۆریتر

لە پەنجەرە تاریکەکانی عومرەوە

دەڕوانمە تارمایی ماتی سبەینێ

چەند مەحاڵە دۆزینەوەی زیندوویێتی

لەناو قەبرستانەکاندا

چەند مەحاڵە داگیرسانی مۆمێکیتر

لەبەر ئەم ڕەشەبایەدا

چرپەی خاکی شەونماوی پڕمەراقە

ئێوارە پڕە لە خێوی بێ سەر و شوێن

کە لە سەرەتاکانەوە

بۆ پەناگایەک دەگەڕێن بۆ ئارامی

گوناهبارم بە هەڵکردنی رەشەبا و

دەستپێکردنی جەنگەکان

تارماییەکان دەیانەوێ لە مندا جێیان بێتەوە

حەیف بۆ ئەستێرەکانی ڕاپێچبووی ناو

گەردەلوولی دووبەرەکی

حەیف بۆ ئەو تیشکە نارنجیە بزێوانەی

لە درزی پەنجەکانمەوە ئاوەڵا بوون

تاریکبوونی ئاوێنەکان بەردەوامە

نووسینەوەی ئەم چیرۆکە یاریکردنە بە ئاگر

شێتبوونە لەو ساتانەدا کە زۆر پێویستە

هۆشیار بین

نووسینەوەی ئەم چیرۆکە

هەوڵێکە بە دابینکردنی ساتەکان

ئەو ساتانەی بێهوودە جێمان دەهێڵن

نووسینەوەی گوناهەکان بەردەوامە

دیسان منم بۆ مەرگی ئاشتی دەگریم

دیسان منم

لە ئێوارە پڕ مەراق و مەحاڵەکانی ئێستادا

چاوەڕێی ساتێکی ترم

گوناهبارم بە مەحاڵیی ئەم چیڕۆکە

گوناهبارم بە دابەشبوون .

From: http://www.kurdwomen.net/